# هەندێک زاراوەی گەیاندن

ژین ئیبراهیم جەلال / ئەڵمانیا



**پەیوەندی چاوەڕوان** waiting Call (CW)

لە بواری تەلەفۆنکردندا بەو سیفەتە دەوترێت کە لەکاتی تەلفۆنکردندا پەیوەندییەکت هەیە و کەسێکی دیکەش تەلفۆنت بۆ بکات، بە زەنگێک tone ئاگادار دەکرێیتەوە کە کەسێک داوات دەکات، ئەو کات دەتوانیت پەیوەندی دووەم وەربگریت و قسەی لەگەڵ بکەیت یاخود پشت گوێی بخەیت وەکو زەنگێکی لەدەست چوو.

**فاکس – مۆدێم** Modem-Fax

بەو مۆدێمانە دەوترێت کە توانای فاکس ناردن و وەرگرتنیان هەیە.

**گەرمەهێڵ** Hotline

ژمارەیەکی دیاریکراوە بۆ پێدانی زانیاریی و یارمەتی تایبەتمەند دەکرێت، لەکاتی بوونی کێشەیەکدا پەیوەندی لەگەڵ دەبەسترێت. بۆ نموونە دامەزراوەیەک هێڵێکی لەو شێوەیە دادەنێت کە هەمیشە وەڵامی کڕیارەکانی دەداتەوە و زانیارییان دەداتێ.

**بەستنەوە لەڕێگەی IP یەوە** IP-Connection

پەیوەندیکردن و بەستنەوەی کۆمپیوتەرێک کە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بێت لەگەڵ دانەیەکی تردا لەڕێگەی ناونیشانی IP یەکەوە، بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی داتا. لێرەدا ئەو کۆمپیوتەرە وەک بەشێک لەتۆڕی ئینتەرنێت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، نەک وەکو وێستگەیەک Terminal.

**کۆنفرانس لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە** PC conference

پێکەوە گەیاندنی چەند کۆمپیوتەرێکی کەسیبە PC و دروست کردنی پەیوەندییە لەنێوانیاندا لەڕێگەی بەستنەوەیەکی خێرای وەک ISDN, DSL ..هتد.

**کۆنفرانسی ڤیدیۆیی** Video conference

کۆنفرانسی ڤیدیۆی، بە واتایەکی تر تەلفۆن کردن بەوێنەوە. لەم جۆرە کۆبوونەوەیەدا تەلەفۆنێک بەکاردەبرێت (کە بە video telphone ناودەبرێت) دەتوانێت وێنەش وەربگرێت و بنێرێت.

**پەیوەندی کردنەوە** Callback

دووبارەکردنەوەی پەیوەندیی کردنە بەهێڵێکی دیاریکراوەوە. ئەم سیفەتە لە پێکهاتەی سیستەمی دیجیتاڵدا هەیە، دەکرێت دوو جۆر پەیوەندیکردنەوە callback جیا بکرێتەوە:

**١. پەیوەندیکردنەوە لەکاتی سەرقاڵیدا** busy

کاتێک کە (ا) پەیوەندی بە( ب) دەکات و ب سەرقاڵە، لەوکاتەدا ئەلف داواکاریی پەیوەندیکردنەوە دەنێرێت تاکوو کە ب بەتاڵ بوو، ئەلف خۆکارانە پەیوەندی دووبارە بکاتەوە. ئەم کردارە لەڕێگەی چاودێری کردنەوە لە سیستەمەکەوە ئەنجام ئەدرێت.

**ب. گەر ب وەڵامی پەیوەندیکردنی ئەلف نەداتەوە،**
ئەوا (ا) لەرێگەی کردەیەکی تایبەتییەوە بە سیستەمەکە ڕادەگەیەنێت کە ب ئاگاداربکرێتەوە لەو پەیوەندیکردنە. تاکو ب پەیوەندی بکاتەوە بە ئەلف. لێرەدا سیستەمەکە چاوەڕوانی یەکەم بەکارهێنانی هێڵەکە دەکات لە ب تاکو ئاگاداری پەیوەندییەکەی بکات.

## تەلفۆنی ئایپی Telphone-IP
بە تەلفۆنێک دەوترێت کە لەسەر تەکنیکی ئینتەرنێت کار بکات. ئەم جۆرە وەکو کۆمپیوتەرێکی کەسی ڕاستەوخۆ لە تۆڕێکی ناوخۆیی LAN دەبەسترێت. دەنگەکان وەکو پاکەتی داتا ڕاگوێز دەبن بە ڕایەڵەکەدا.

## دەنگ لەرێی پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێتەوە VoIP
تەکنیکی گواستنەوەی دەنگ لە رێگەی پرۆتۆکۆڵەکانی ئینتەرنێتەوە IP over Voice
لەرێگەی ئەم تەکنیکەوە دەنگ وەکو پاکەتی داتا بەش بەش دەکرێت و لەرێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەگواسترێتەوە بۆ بەرامبەر. بایەخی ئەم تەکنیکە لەوەدابوو کە کرێی تێچوونی پەیوەندی کردنی زۆر کەم کردەوە، چونکە هاوکات داتا و دەنگ یەک ڕایەڵەی پێویستە بۆ گواستنەوەیان. ڤۆیپ VoIP لە جیهانی پەیوەندیکردندا نەوەیەکی نوێی هێنایە کایەوە.

## دەنگ لەرێی دیئیسئێل VoDSL
تەکنیکی گواستنەوەی دەنگ لەرێگەی بەستنەوەی DSL کە بە DSL over Voice ناودەبرێت، بەو تەکنیکە دەوترێت کە دەتوانێت دەنگ و داتا لەرێگەی بەستنەوە بەهێڵێکی DSL بگوێزرێتەوە.
ئەم تەکنیکە نوێیە لەتوانایدا هەیە دەنگ و داتا هاوکات بە پانتایی ٢.٣ مێگابت لە چرکەیەکدا بە هەردوو ئاراستە بگوێزێتەوە. چوستی ئەم گواستنەوەیە لەوەدایە کە دەتوانرێت پانتاییەکە بەگوێرەی پێویست بۆ دەنگ تەرخان بکرێت. بێگومان پێشەنگی دەدرێت بە دەنگ لە دابەش کردنەکەدا تاکو دەنگەکە وەک خۆی بێ گۆڕانکاریی بگەیەنرێتە بەرامبەر.

## پرۆتۆکۆلی خاڵ-بۆ-خاڵ PPP
پرۆتۆکۆلی خاڵ بۆ خاڵ Protocol Point-to-Point لە جیهانی گەیاندندا هۆکاریی چوونە ناو تۆڕی ئینتەرنێتە. ئەم پرۆتۆکۆڵە کار ئاسانی دەکات لە ڕاگواستنی IP/TCP دا بە هێڵێکی دوای یەکدا، وەکو هێڵی تەلفۆنی ئاسایی. هاوشێوەی پرۆتۆکۆلی (SLIP) Protocol Internet Line Serial یە بەڵام PPP پێوانەیی زیاتری لەخۆ گرتووە، وەکو پەستاندنی داتاکان و کلیل کردنیان.
PPP توانای هەیەلەگەڵ پرۆتۆکۆڵە جیاجیاکاندا کاربکات، دەکرێت بەگوێرەی داخوازی لەگەڵ IP/TCP یاخود IPX ڕێکبخرێت.

## تەکنەلۆژیای گەیاندن لەرێگەی هێڵی کارەباوە TEchnology PLC
ئەم تەکنەلۆژیایە کار دەکات بۆ گەیاندن و گواستنەوەی زانیارییەکان لەرێگەی بەکارهێنانی هێڵی کارەباوە، واتە پێویست بە ڕاکێشانی هێڵ یان وایەری تر ناکات. PLC کورتکراوەی Communications Powerline

## ئینتەرنێت لە ڕێگەی هێڵی کارەباوە Internet Powerline
بەشداربوون یاخود چوونە ناو تۆڕی ئینتەرنێتەوە لەرێگەی هێڵی کارەباوە، بۆ ئەم مەبەستە مۆڵەتبەخشی تایبەت هەیە کە کارئاسانی لەو بوارەدا دەکەن.